# ئـازادی

## ئەحمەد دەشتی



بـۆچـی نـایێـی ئـارەزووی من
بـۆچـی نایێی دڵم شاد کەیت
ڕەنجی دووری وغـوربـەتی من
ژیـانی سەخت و بێگانەی مـن
لـەناوبـەری و هیواکانم وەدی بێنی
بۆچـی نایێـی خۆت بخـەیتـە
بـەرسوتانی ئـەشقی دڵی پارەپارەم
ئـاگری دەروون هە ڵکەیتەوە و
لـە گیان و دڵمی بـەر بدەیت
بۆچی نایێی هیوام تیکـەڵ
بەفری دۆندی چیایان بکەیت
هەتـا کـەینـێ هەردوور دەڕۆی
ئـەوا ئیسـتا ژیـانی
سەخـتی هەواری من
لە گەل دووری و بیانی من
ڕەشـماڵی خەم هەلدەدات و
جەستـەی برینـم
بۆخەرەندی نـەمان دەبات
لـە دەروونم  ئاگری عشـقت
زۆر لە مێژە خـۆی دەنـوێنـێ
لـەچاوانم برِک و ژانی
چـاوەڕوانیم  خۆین دەرژێنی
ئاخـر ئیستا ژیـان گـۆڕاوە
لـە نـاو خـاک و وەڵاتـی من
گـازی شـیمیا
مـەرگی چەتوون دەبارێنی
شاروگوند و تەڕو وشکم

هەر بە جارێ لەبن دێنێ
ئـاوی کانی و ڕوبارانـم
ڕەزو باغی واری ژیانم
بە تیکڕایی دەخنکـێێ
ئـاخـر ئێستاکوردستانـم
کراوەتەمەرگستانم
گـوند وێرانـەو شـارنەمـاوە
دەهەستە تۆ زووکە  وەرە
گەلی خوێنمان لەڕێت داوە
بـۆچـی نایێی بۆچی نایێی
ئەی ئاواتـی دیرینەی  مـن
ئێمە هەمـوولـە دوات وێلـین
تۆهەمیـشەلەناوچاوی هەمووماني
لـەناو ڕەگ و شادەمار و هیواماني
گـەر ئـەتۆمیش بـەکاربێنـن
تۆ نـامری قەت نابەزی هەردەمیـنێی
کـۆتری سپی سەر شاخانیش
هەر دەخوێنـن هەر دەخـوێنـن
ئاوەدانـی و شارو گـونـدیش
با نـەهێلـن با نـە هێلـن !!
خۆ نـاتوانـن بیـری ڕاسـتی
کـوردایـەتی لـەبـن بێـنن
خـۆ ناتوانن خاکـی مەزنـی
کوردستانم بخنکـێنن
چـیا کانمان قەت ناڕوخێن قـەت ناڕوخێن
بـا ئـەشکەوت و
لانەی ژیانیش بـڕمێنن
ئـەی چی دەکـەن
لـەباوەڕی بـەرزی دەروون

ئەی چی دەکەن
لـەوورەو هێزی ئـاگرو تین
کـە قـەت نـاڕواو
هەردەمینێ هەردەمینــێ
بۆ کـوێ دەچن زۆر دارەکـان
بـۆ کـوێ دەچن
داگیرکەرە فاشستـەکـان
ئیسـک و پڕوسـکی
ژن ومنـال و لاوەکـانی هەواری من
هەزارهەزار شـەهیـدان و
هە لـە بجـەکەی برینی مـن
سـوریا و دەکـاو
قـەلادزە کەی دیرۆکی مـن
تـەرمی ونـی ئـەنفالـەکـان
هەشت هەزاری بارزانیەکان
سەدان هەزارلـە زیندان و
زیندە بـەچـال
یا سیدارەو سەروەرانی ئەنفال کراو
لـە ژێر ڕێژنـەی بارانی تـوند
دەژییێنـەوە دەژییێنـەوە
تۆ لـەی  خاکی داگـیر کراو و
شـەهدانم لـە دوژمنـان
دەسـێننـەوە دەسێننەوە
لە ژێر سایەی هاتنی سیمای ڕەهایی تۆ
سەربەخۆیی وە لاتـەکـەم
بۆ هەمیشە  دادێتەوە
نیشـتمانی خاپـوورکـراومـان
ڕەزوبـاغـی سـوتێنـراومـان
شاروگـونـدی ڕمێنـدراومان

**ئاوەدان و نویٚ دەبتەوە**
**ســا تۆ وەرە ئــەی ئازادی**
**ئەی ئاوازی ژینی شادی**
**نەهامەتیم ببرِێنەوە**
**دوورم بکــە لــە نــامــرادی**
**بــەهاتنــی تــۆ پــەژارەکان**
**دەبــرِێنەوە ندەبرِێنەوە**
**دڵی لــەنــاو خــەم خنــکاوم**
**رزگار دەبیٚ و دەکرێــتــەوە**
**وە لاتــەکــەم پێشدەکەویٚ و**
**رۆژی نــوێم هەلدێتــەوە**
**بــەهــاتنت ئــەی ئازادی**
**کوردســتانم دەحــەســێتــەوە**
**ئالای بەرزی نیشمانە ئازیزەکەم**
**لەم جیهانە دەشەکێتەوە**
**نەخشەی جوانی کوردستانم**
**لە ئەتلەسی ئەم جیهانە**
**جوانتر لە گوڵ**
**دەردەکەویٚ و دەمێنتەوە**
**یە هاتنت ئەی ئازادی**
**خەم وژان ونەهامەتی**
**سالەهای ساڵی کوردستانم**
**دەبرِێتەوە دەبرِێتەوە**
*
**1988بــەرلین بە یادی ئەنفالەکان وهەلەبجەی شەهید پیشکەشە بە هەموو**
**ئازادی خوازانی کوردو جیهان**

---